# لێسەندنەوەی هێمنیەت بۆ خودێکی ڕەقاوی

شۆڕش غەفووری

**شیوەنی من، شیوەنی ئینسانیە**

**بانگی ئازادی وگڕوی یەکسانیە**

٢٠ ساڵ لەمەوبەر و لەتەڕە بەهارێکی دەڤەری کوردان پیاوێکی ناسك و بێ گرێوگۆڵ و هۆنراوەبێژی سەردەمی خۆی و شاعیری گەل ونیشتمان، لەساڵی ١٩٨٧ دەست لەملانی مەرگی رەمزی یا باشترە بڵێین مەرگی جەستەیی خۆی بوو و بارگەو بنەی پێچایەوە و تۆشەبەرێك لە نووسین و هۆنراوە و پەخشانی لەدووی خۆی بۆ ئەم نەتەوە رەش و رووتەڵە گیرەوبوەی نێو شاخ و داخان و وەتەنگ هاتووەی دەوڵەتی عەجەم و توورك و عەڕەبان جێهێشت. ئەو ناسك و ئاوێزان بوەی یۆتۆپیای هۆنراوەیی و نووقم بوەی خەیاڵی بێ غەوشە، هێمنی موکریانیە، کە پێشەکەی چ لەسەردەمی باڵغ بوون و چ لەسەردەمی سپی بوونی مووی سەری هیچ قازانجێکی بۆی نەبوو. جگە لەوەی کە تووشی گەورەترین غەم و دڵسارد بوونەوەی کرد. هەروەك خۆی دەفەرمێت:

**" شاعیری هیچ قازانجێکی بۆ من نەبوو، جگە لەوەی کە ناوە دووورودرێژەکەمی کە سەید محەمەد ئەمینی شێخەالاسلامی موکری بوو، لەکۆڵ کردمەوە."**

ئەو مرۆڤەی کە بەناهەق خزێنرایە نێو پانتایی سیاسەتەوە و دواتر وەك دەسماڵێکی نێو رەشبەڵەکی دۆنەدیوان شایی پێ گەرمتر کراو و دواجار ئارەقەی پێ‌سپردراو تووڕ هەڵدرا. ئەمەش

هەروا لەگۆترە نەبوە و ناشکرێ بخرێتە خانەی قەدەر و ئەوزاعی ناهەمواری ئەودەمەوەوە. هێمن کەڵە پیاوی ناتورالیزم یا سرووشت پەروەری وئاخێزانی گڕو تینی پشتێن تانێوقەدانی بەزمی کوردایەتی بوو وگەوهەر بێژییەکانی تینێکی بەهێز بوون بۆ هەڵایسانی زەوقێکی عەجایباتی نەتەوەیی و لایەنگری پێ پەیداکردن. حەزرەتی هێمن کەسایەتیەك بوو دوور لە جەستە. ئەم دووربوونەش خودیەتێکی راست و رەوانە وجێگای ئینکار نیە، هەرچەندە کە بەلای زۆرێك لە ئەدیب ـ سیاسەتڤانانەوە هەڵەیەکی زەق بوو، چونکە هەروەك قسەکەی گابریل مارسێل لەهەمبەر سیاسیەکان کە (بوونی جەستە، بەرجەستەیە) راستە بەڵام لەدوو توێی شاعیرییەت وناسکیەتدا چەوتێکی بێ هەژمارە. لەئەدەبیشدا خودیەتی راستەقینە ئەو خودیەتەیە حازر نیە لەنێو عەوامان، بەڵکوو ئەو بوونەیە کە ئاوێزانی یۆتۆپیاو چوونە نێو گێتی جوانی ناسکیەتەوە. زمان مرۆڤ دەکووژێت. هێمنیش کوژراوی دەستی زەمانە، هەرچەندە کە زەمان دوبارە راستیەکی حاشاهەڵنەگری بەو پیاوە دایەوە. ناهومێدی زۆر ساف و بێ غوبار دەردەکەوێت کە دەفەرمێت:

**ئێستا بۆ چارەی خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم**

**من کە رۆژێك ئەمەویست میللەتەکەم بێ‌خەم کەم**

شتێکی تری گرینگی ئەم مامۆستای ناهۆمیدیەی هۆمێدارانە! دانسقەیەکەیەتی. تایبەتمەندیەتیەکەی



هێمن موکریانی و د. عەبدولڕەحمان قاسملو – کۆنگرەی 4

هەنگاوتنی کەسایەتی ئەو کەڵە پیاوە بوە، چونکە مرۆڤەکان بەو تایبەتمەندیەی هەیانە بەهاداریەتیان بەدەر دەکەوێت. هێمن شاعیرەتی جوانی کردبوویە سیاسی‌نەك سیاسی بوونەکەی کە هەنووکە لەشانتایی نووسینە کاغەزیەکاندا زۆرکەس وێی کەوتوون و ئیتر لەرووی زانینەوە بێ یا لەرووی نەزانینەوە خۆیان خەریك کردوە بە بەدەرخستنەوەی ئوستاژ داری خۆیان لەسەر هێمن. باشیش بوو کە هێمن کاڵ فام ونی‌زان بوو لەسیاسەتدا چونکە سیاسەت لەدەوری فێڵ وتەڵەکە دەخولێتەوە بەلام ئەدەب لەدەوری جوانی و بێگەردی ویۆتۆپیا وبان سرووشتی دا خول دەدات. کەئەمەش هاودژیەکی لەسەداسەدە. گەر ئەم پیاوە لە سیاسەتدا سەرکەوتوو بوایە ئەوا شیعر و پەخشانی بەباشی نەدەنووسی. چونکە پەخشانەکانیشی هەروەك شیعرەکانی بەوەی کە هێستە لەبەر چاوانن و بەدان پیانانی مەحەمەدی مەلا کەریم کە دەفەرمێت:

**" حەز دەکەم ئەوەی بلێم کە چەند جاریش بە هێمن خۆیم وتوە کە لەنێو ئەوانەی کە پەخشان و شیعر دەنووسن و من هەردوو جۆرە بەرهەمەکەیانم خوێندوەتەوە، لە عەرەبدا نەزار قەبانی و لەنێو کورددا هێمن، من پەخشانیانم لە شیعریان لادلگیرترە."**

تۆ بێژی هێمنێك لەرووی سادەیی و پاکیەوە بەرهەمەکانی نیشانی هاوەلانی دابێت یا لەرووی نەزانی و نەفامیەوە کە لە وتەکانی، خوێندارانی رابردوو وابەدەر دەکەوێت، ناکرێت ئەوە لەبیر خۆمان بەرینەوە کە باس لە کوردی زانی دەکرێت، هێمن وەدووی ناوان بخرێ کە خراوە؟

ئەم پارچە پەخشانەی خوارەوەی کە لە پێشەکی "تەحفیەی مڤفریەی ئۆسکارمان کە ماموستا هێمن پێشەکی و ساغ کردنەوەو هێنانە سەر رێنووسی کوردی بۆ کردوە " راستکەرەوەی ئەو بابەتەن:

**" دیارە خۆشخوان وەك هوونەرمەندێك چاوی لێ‌نەدەکرا وریزی لێ‌نەدەگیرا.بەلام لە کوێخا وگزیرو سەرکارو پاکارو باب ونۆکەرو غوولام وچاپەزو بەردەست ماقوولتر بوو. هەقی بوو لە دیوەخان لەسەر چۆك دابنیشێ.خەنجەر بچەقێنێ و ئانیشکی وێبدا و جا گوتن بلێ. خۆشخوان لە حزووری ئاغا نانی دەخوارد و لەگەل مام میرزا لەسەر یەك سینی دادەنیشت و بەرماو خۆر نەبوو."**

کە هێمنێك ئاوا شارەزا و زمان پاراوو رەوان بێژ بێ، ئیتر ئێستە کەوەبەر دنیایان نەماوە چ پێویستە کە خەڵکی لێ قووت بنەوە و وەك منداڵێکی ساوا و قسە لەگوێی گەوران و ئیزن خوازانی بن هەواران و وەك پاشکۆی هاوالان ناوی بێت. هەرچەندە کە شاعیر ئامادەگی تیایە بچێتە ژێر ویستی ئەوی ترەوە، چەنکە جۆرێك لە نەرمیەتی تیایە هەروەك (جۆن ماکواری) لەکتێبی (فەلسەفەی بوونگەرایی)دا دەڵێت:

**" نەرمی Arailability تەرجەمەی وشەیەکی فرەنسیە کە (Disponibilite)ە، دەبێ من بەرادەیەك ئامادەگیم تیابێت کە بچمە ژێر ویستی ئەوی ترەوە."**

هەربۆیە ئەم نەرمیەت و دڵسافیەی ماموستا هێمن کێشەکەی هەنووکە بەدەردەکەوێت کە خەڵکی لێ وەراست گەرێت ولەسەر هاوەلایەتی رابردوو، شاعیرەتی ئەم جوان بینیە بهێننە خوارەوە، چونکە پێوەندی هێمن بە دەورووبەری پێوەندییەکی نەخوازراوی رووحی بوە وتەنێ جەستە کارا بوە. پێوەندیەکەی "من لەگەڵ تۆ و ئەو و ئەوانی" نەخوازراو و سەپێنراو و کەڵك لێوەرگیراو بوە و بەقازانجی خەباتی کوردی شکێنراوەتەوە ئەمەش بەدانپیانانی خودی سیاسی و هاوەڵەکانی**(گەر بەگوومانی، سەیری هاولاتی ژمارە ٢٧١ ـ لاپەرە ١٤ بکە).**

گوتەی دوماهی کە زۆر ناچیزە لەهەمبەر هێمنی مەزن و کارا لەهەمبەر ویراستارانی دوێنی وبەیت خوانانی ئەمرۆ، پاککردنەوەی ئەم کەڵە شاعیر وپەخشان نووسەی سەردەمی خۆی و هەنووکەیە لە ناهۆمێدی، چونکە شاعیر ئەگەر جۆرێك لە ناهۆمێدی تیا ئامادە نەبێ توانای گوومانی نیە لە دەورووبەر وئەگەر توانای گوومانیشی نەبێ ئەوا توانای بیرکردنەوەو دواتر پەیوەست بوونیشی نیە بەخەیاڵ ویۆتۆپیاوە کە زەروریەتی تەواون بۆ شاعیریەت، ئەو کردارەش تەنێ بۆ دەربڕینی هەستی خودی بوە لەژێر قەڵەم و بیر و نێوبانگی هێمنی شاعیری گەل.

وەك خۆیان باسی لێوە دەکەن بۆ ئیحساس دەربڕینی خۆیان بوە. ئەی باشە ئەوەتان لەچی و ئەمەتان لەچی.

هەزاران جار روحی شاد وگەشاوە بێ هێمنی توانا لە بەرهەڤ کردنی گوماندا.

**چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟**

**خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم**